


# گونجاندنی رەنگی نینۆک و ئێکسسوارەکانی دەست

پەیوەندییەکی تەواوی گونجاندنی رەنگی نینۆك و ئێکسسوارەکانی دەست هەن، کە دەبێت خانمان بە وریاییەوە کاری لەسەر بکەن و مۆدێکی ناسکی بۆیەکان هەڵبژێرن تا لەگەڵ ئەڵقە و ئەنگوستیلە و دەسبەند و بازنی دەست هاومۆد و شێوە بن، چونکە رەنگی بۆیەی مەناکیرەکان، شێوەی ئێکسسوارەکانیش جوانتر دەکەن، ئەگەر هەردووانیان لە رەنگ و مۆدێکی شایستە بن، ئەڵقە و ئەنگوستیلەی دەست، بەهۆی ئەوەی لە نینۆکەکانەوە نزیکن، بێگومان پەیوەندی راستەوخۆیان دەبێت. گۆڤاری فۆگی جوانکاری باسی ئەو لایەنەی کردووە و دەڵێ: نابێت رەنگی ئێکسسوار و نینۆکەکان هەمان رەنگ بن، لەو کاتە دەتوانی ئەو شێوازە پەیڕەو بکەیت کاتێك جلێکی سادەت لەبەر کردووە، بەڵام ئەگەر وانەبوو، با رەنگەکانیان جیاواز بن، واتە ئەگەر رەنگی نینۆکت سپی بوو، دەتوانی ئێکسسوارێکی سوور یان سەوز لە پەنجە بکەیت. هەروەها پێویستە قەبارەیان پێچەوانە بێت، ئەگەر نینۆکەکانت درێژ بوون، پێویستە ئێکسسوارەکان ورد و تەنك بن، ئەگەر نینۆکت نەبوو، یان کورت بوو، ئێکسسوارە قەبارە گەورە لە دەست بکە.





# مۆدی کراسی درێژ لە وەرزی هاویندا

مۆدی هەر جلێك لەگەڵ کات و شوێندا رەچاو دەکرێت، بۆ نموونە: جلی دەرچوون جیاوازە لەگەڵ جلی ئاهەنگ و بۆنەی تایبەت، کاتێك سەردانی هاوڕێیەکت دەکەیت، ناکرێت ئەو جلەی بۆ دەوام لەبەری دەکەیت هەمان ئەو شێوازە بپۆشیت، لە وەرزی هاویندا بۆنە و یادەکان زیاتر دەبن، هەروەها زۆربەی ئەو بۆنە و یادانە لە شوێنی داخراو وەك : هۆڵ و ماڵ و ژوور و باڵەخانە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەو شوێنانەش تاکە جلێك کە شیاوە و گونجاوە کراسی درێژە، ئەوەی کە بە درێس و فوستان ناسراوە، تەنانەت دەتوانی بۆ سەردانی و دانیشتن لەگەڵ کەسانی نزیکیش لەبەری بکەیت، بەڵام بە هیچ جۆرێك ئەو شێوازە کراسە درێژانە بۆ کاتی دەوام نابن، دەشتوانی بۆ رۆژانی زانکۆ، یان دەرچوون بیپۆشیت، بەڵام بێزارت دەکات لەوەی دەبێ ماوە ماوە ئاگاداری بیت و هەڵیبکێشیت. شێوازەکانی هەردوو مۆدی (Réalisation و Reformation) بریتیین لە کراسی درێژ، یان مامناوەند تا سەر ژێر چۆکە، هەروەها ئەگەر ئەو شێوازە مۆدەت پۆشی، پێویستە بە نەخش و نیگار بێت، چونکە جلێکی درێژە و ناکرێت بە سادەیی لەبەریان بکەیت، تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە حەز بە سادەیی دەکەن.





# کێشە و گرفتەکانی قژت
# بە خواردن چارەسەر بکە

زۆربەی ئافرەتان بە دەست هەڵوەرین و کێشەکانی قژیانەوە دەناڵێنن، هەندێکیان پرچیان لاوازە و حەز بە بەهێزبوونی قژیان دەکەن، هەندێکی دیکەش لوول دەبێ و خواستیان لەسەر پرچی خاوە، یان تەنك دەبێت، ئەوانەش دەیانەوێت پرچیان پڕ و بۆر بێت. بەڵام ئەو کێشە و گرفتانەی قژ، دەتوانی لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە چارەیان بکەیت، وەك پێگەی (HEALTHY) ئاماژەی پێکردووە بەم شێوەیە:

پرچی لاواز، بۆ ئەوانەی هەست بە لاوازیی پرچیان دەکەن، پێویستیان بە پرۆتین و کولاجین هەیە، ئەوانەش زیاتر لە ڤیتامینی Cدا هەن، وەك: پورتەقاڵ، بیبەر، گۆشت، ماسی و هێلکە و پەنیر.

پرچی لوول و گنجی، ئەگەرچی ئەو کێشەیە بە چەندین ڕێگە چارەسەر دەکرێت، بەڵام دەشتوانن لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوەی کە ڤیتامین B١٢ و ئۆمێگا سێ تێدایە، وا لە پرچ دەکەن کە نەرم بێتەوە، وەك:ماسی سەلەمۆن، گازۆ، باوی.

پرچی تەنك و باریك، زۆرێك لە ئافرەتان لە دوای هاوسەرگیرییەوە پرچیان تەنك دەبێت و داوەکانیش باریك دەبن، ئەمەش بەهۆی کەمی مەگنیسیۆم و ئۆمیگاسێ و زەنك، ئەو جۆرە خواردنانەش لە مۆز و چەرەز و ماسیدا هەن.



# داهاتوومان کوردستانێکی سەربەخۆ و شکۆمەندە

**کورد لە سەدەی رابردوودا بەتایبەتی بەهۆی ستەمکاریی داگیرکەرانی خاکەکەیەوە هەردەم تووشی ئازار و مەینەتی و دوچاری نەهامەتی و شەڕ و ئاژاوە و پێشێلکردنی مافەکانی بووەتەوە، زۆر جار هەوڵی کوردقڕان دراوە و کۆکوژیان کردوون، بەڵام کورد چۆکی دانەداوە و بەرنگاری زاڵم بووەتەوە و دەیان شۆڕشی رزگاریخوازی بەرپا کردووە، کە نموونەی بەرچاویان شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز بووە.**

**نەتەوەی کورد خاوەنی نیشتمانێکی بەپێز و خاکێکی بە پیت و بەرەکەت و گەلێکی پڕهەست و بوێر و هێزێکی قارەمانی وەك پێشمەرگەیە، کە خوێنی خۆیان بۆ سەربەستی و ئازادیی گەل تەرخان کردووە. بەرهەمی ئەو هەموو قوربانیدانە لە ئێستادا بە چوونە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان دەماشینەوە، چیتر کۆیلەیەتی و پەستی و ژێردەستیی قبووڵ ناکرێت و لەژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا جاڕی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەدرێت، کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەك شایانی ژیانێکی شکۆمەندانەیە و دەوڵەتی خۆی دەوێت. هەر لەم بارەیەوە راو و بۆچوونی چەند هاووڵاتیمان وەرگرتووە.**


**ئەوانەی خەڵك دەترسێنن لە ئاکامی ریفراندۆم، ئەگەر نەیاریش نەبن، درۆزنن**



**موحسین زراری**

ئەگەر ریفراندۆم سەری گرت و زۆرینەی کورد بەشداری کرد چی روو دەدات؟ ئایا وڵاتانی ئیران و تورکیا سنوورەکانیان بەسەر کوردستاندا دادەخەن؟ ئایا ئێران و تورکیا دیسان دژایەتی دەکەن و هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە دەدەن؟ بێگومان نەخێر، چونکە نە ئێران و نە تورکیا ناتوانن هیچ لەم کارانە بکەن، ئێستا کوردستان پێویستی بە بەروبوم و کاڵاکانی ئەم وڵاتانە نییە، ئێستا وڵاتی قەتەر داوای سەوزەو میوەی کوردستان دەکات بەرامبەر بە هەر شتێك کە بیەوێت، هەروەها وڵاتانی سعودیە و ئیمارات ئامادەییان دەربڕیوە بۆ هەر شتێك کە کوردستان بیەوێت. لەهەمووی گرینگتر ئێستا ٥٠٪ی پێداویستی جلوبەرگ و پێداویستیەکانی تر لەلایەن وڵاتی (چین) دابین دەکرێت و کورد دەتوانیت پێداویستی بەروبووم و کاڵاکانی تریش بە کەمتر لە نرخی ئێستا پڕبکاتەوە. کەواتە ئەوانەی خەڵك دەترسێنن لە ئاکامی ریفراندۆم، ئەگەر نەیاریش نەبن، درۆزنن.

## ریفراندۆم تاکە پرۆسەی هەڵبژاردنە کە تێیدا دەنگ بە کوردستـ



**شوان شەهید خالید:**


گەلی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەبەردەم قۆناغێکی هەستیار و ناسك و چارەنووسسازدایە و ناکرێت ئەم دەرفەتەی ئەمجارە بۆ گەلەکەمان هاتۆتەپێش بەهیچ شێوەیەك لەدەست بدرێت، چونکە ئێستا پێگەی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئاسۆیەکی روون و گەش و فراوانی هەیە، ئەم پێگەیەش رۆژ لە دوای رۆژ لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی لە رووی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی فراوانتر و گەشتر دەبێت.

خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان زۆرینەی حزب و لایەنە سیاسییەکان بە رابەرایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵی ئەنجامدان و سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم و هەوڵی دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەدەن. ئەم ریفراندۆمە زۆر گرینگە لە مێژووی ئێمەی کورددا، چونکە بۆ یەکەمین جارە لەبەر چاوی جیهانەوە داواو خواست و ویستی گەلی کوردستان دەخرێتە بەردەم رای گشتی جیهانییەوە، واتە تاکە پرۆسەی هەڵبژاردنە کە تێیدا دەنگ بە کوردستان دەدرێت بە بێ ئەوەی دەنگ بە رەنگ و تاکی حزب بدرێت واتە ئەمە پرۆسەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە و بڕیاری ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی ماف و چارەنووسی نیشتمان و گەلەکەمانە، ئەوەش سەروەری و شانازییەکی گەورەیە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بەشداربوون لە گەڵاڵەکردنی ئەم بڕیارە، دڵنیاین ناوەکانیان لە مێژووی پرشنگداری گەلەکەمان وەك ئەستێرەیەکی گەشاوە دەدرەوشێتەوە و نەوەکانی داهاتووش شانازی بە بوون و ناویان دەکەن، چونکە کاریان کردووە بۆ ئەم ریفراندۆمە کە سەرەتای راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتە و مافی تاکە و ئەرکی سەرشانی هەموومانە پشتیوانیی بکەین، گشتپرسیش یەکێکە لە شێوازەکانی دیموکراتیەتی راستەوخۆ و بۆ بەشداریکرنی هاووڵاتیانە لە دروستکردنی بڕیاری گەورەی سیاسی و دەرفەتی ئەوە بە گەل دەدات دەنگ بدەن بە بابەتێکی چارەنووسساز بە رازیبوون، یان رەتکردنەوەی، من وەك تاکێك دڵنیام رۆژی ٢٥ی ئەیلوول رۆژێکی پرشنگدار دەبێت لە مێژووی گەلەکەمان، چونکە گەڕانەوەی متمانەیە بۆ ئیرادەی پۆلایینی میللەت، دڵنیام لەم رۆژە مێژووییەدا هیچ کەس و



## ـــــــان دەدرێت نەک بە ڕەنگی تاک و حزب

لایەنێك ناتوانێت دژی خواست و ویستی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بوەستێتە، چونکە خواستی سەربەخۆیی و هەستی نەتەوایەتی پەیوەندییەکی خۆڕسکانەی هەیە بە ئیرادەی پۆلایینی میللەت و خەبات و قوربانیدانەکانی، هەموو قوربانیدانەکەش لە دوێنێ و ئەمڕۆی گەلی کوردستاندا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بووە، کە سەروەریی و سەربەخۆیی بووە. ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ڕۆحی قوربانییەکانمان شاد دەکات. دەنگی (بەڵێ)ی خەڵکی کوردستان دەنگی دایکە عائیشەو عومەری خاوەرو هاواری گەرمیان و گریانی بادینان و فرمێسکی بارزانە. دەنگی دایکی هەزاران شەهیدی قارەمان و ڕۆڵەی بێنازی ئەم وڵاتەیە کە کەسە ئازیزەکانیان خوێنیان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەخشی، بۆیە بەشداربوون لەم پرۆسەیە جگە لەوەی ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوایەتییە ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقیشە بۆیە پێویستە هەموومان لە ئاست گەورەیی ئەم پرۆسەیەدا بین و لە ئاست ئەو متمانەیەدا بین کە سەربەخۆیی مافێکی سرووشتی و ئیلاهی خۆمانە. ■



## پێویستە ئامادەکارییەکان بۆ ریفراندۆم زۆر زیاتر بکرێت

**نەسرین وەهاب:**
بەدەستهێنان و بەدیهێنانی سەربەخۆیی و رزگاربوون لە پاشکۆیەتی مافێکی رەوای کوردستانییانە، گەلی کوردستان سەرەڕای جیاوازی ئینتیماو ئایین، سەرەڕای جیاوازیی دەرامەتە ئابوورییەکانیان، هەموویان هەوڵ دەدەن خاوەنی وڵاتی سەربەخۆ بن بۆ ئەوەی بتوانن ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن. کاریگەری ئەم ریفراندۆمە لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بە بەشداریکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە بۆیە پێویستە ئامادەکارییەکان بۆ ریفراندۆم زۆر زیاتر بکرێت وەك لەوەی ئێستا هەیە، بەتایبەتی راگەیاندنە کوردستانییەکان کە لە رێگەیانەوە کوردستانییان ئاگادار بکرێنەوە لە سوودی سەرکەوتنی ئەنجامدانی ریفراندۆم و دواتر لە زیانی بەشدارینەکردنیان، یان خوانەخواستە سەرنەکەوتنی، چونکە بەداخەوە تاکو ئێستا هەندێك لە راگەیاندنە کوردییەکان کە سەر بە دوژمنانی کوردن، واتا جاشن، هە موو توانەیەکیان خستۆتەگەڕ بۆ تانەلێدان لەم ریفراندۆمەو زۆر بە ناهەقی و دوژمنانە باسی دەکەن، بۆیە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە سەرشانی هەموو کوردستانییەکی دڵسۆز بۆ خاك و نەتەوە ئەوەیە بەم کەسانە بڵێت: بەسە ئیتر لێتان قبووڵ ناکەین ئەم ناهەقییە، چونکە ئێوە گاڵتە بە خوێنی شەهیدانی کوردستان و توانای پۆلایینی پێشمەرگە قارەمانە کانمان دەکەن. ■



## ریفراندۆم چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکات

**ئەیوب جەوهەر ئەحمەد دانیشتووی شارۆچکەی دیبەگە:**
تەنیا ریفراندۆم چارەسەری بنەڕەتیی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات و دەیخاتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەم کاتەدا بە باشترین دەرفەت دادەندرێ بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەو ناوچانەی لە چەندین رەهەندی جیاجیاوە رووبەڕووی زوڵمێکی نەتەوەیی گەورە بووەنەتەوە، تەنیا لەبەر کوردبوون و بەشداری کارایان لە سەرجەم شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستان و خەباتکردن لە پێناو رزگاری نیشتمانەکەیان ئازار و مەینەتییەکی زۆریان چەشتووە بەدەست رژێمی بەعسی رووخاوەوە. تەنانەت تاکو ئێستا لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقیشدا رەچاوی قەرەبووکردنەوەی رووخاندنی بونیادی ژێرخانی ئابووری لادێکان و تاڵانکردنی نەکراوەو، ناوچەکە هەر بە فەرامۆشکراوەی ماوەتەوە. ئەمە سەرباری وێرانکردنی بواری رۆشنبیری ناوچەکە لە رەسەنایەتی و خاپوورکردنی سامانی کولتووری و بەزۆر گواستنەوەیان بۆ ناوشار و فەوتاندنی کولتووری رەسەنایەتی ژیانی گوندنشینی لەسەر دەستی حوکمڕانیی سەردەمانی پێشوو. جگە لەمەش تاکو ئێستا لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەستی ئاوەدانکردنەوەی پێ نەگەیشتووەو هیچ پرۆژەیەکی گەورەی تێدا ئەنجام نەدراوە. لەگەڵ ئەمەشدا تاکە هێزێك کە ئەم ناوچانەی لە هێزی شەڕفرۆشان و تیرۆریستان پاراستووە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. بۆیە دەنگی (بەڵێ) بۆ ریفراندۆم لە پەنا هەموو کوچە و کۆڵان و دەشت و دۆڵ و شاخی ئەو ناوچانە بەرزدەکەینەوە لە پێناو سەرفرازی و دەوڵەتسازی و سەربەخۆیی کوردستان. ■



# بۆ زانیاریت

## شمشێری ڕووناکی !

دەستەواژەی Lightsaber لە دوو بەش پێکدێت: " Light " واتا ڕووناکی، " saber " واتا شمشێر. بەم شێوەیە شمشێری ڕووناکیمان دەبێت. بیرۆکەی پشتی شمشێری ڕووناکی تا ئاستێك بلیمەتانەیە: چەکێکی سووك و وێرانکەرە، نەك تەنیا بۆ هەڕپروونکردنی قەڵغانی دوژمنان، بەڵکو بەکاریش د یت وەك قەڵغانێك دژی فیشەکە لەیزەرییەکان، بەڵام، بۆچی تائێستا شمشێرێکی ڕووناکی ڕاستەقینە بوونی نییە لەسەر زەویدا؟ بێگومان هەزاران زانا و فیزیازان هەیە هەواداری ئەم فیلمەن. ئەوان توانای تەواویان هەیە بۆ دروستکردنی شمشێرێکی لەو جۆرە! ئەی بۆ نایکەن؟ باشە، تاکە ڕێگای لۆژیکی و ڕوون بۆ دروستکردنی شمشێری ڕووناکی پشتبەستنە بە تیشکی لەیزەر: تیشکێکی لەیزەری درەوشاوە و توند. سەرەڕای ئەوەی تەکنیکی لەیزەر لە بەرەوپێش چووندایە بۆ دروستکردنی تیشکی لەیزەریی زۆر پێشکەوتوو، بەڵام هێشتا دوورین لە دروستکردنی دانەیەکی وا. کێشەی دووەم ئەوەیە: بۆ دروستکردنی گورزە تیشکێکی لەم جۆرە پێویستی بە وزەیەکی زۆرە تا بتوانێت ماددەکان هەڕپروون بکات . ئەو لەیزەرەی لە پیشەسازی و لەحیمکردن بەکاردێت، دەتوانێت ئەم کارە بکات، بەڵام پێویستی بە دەیان کیلۆ وات وزە دەبێت! بۆیە، سەرچاوەی وزەی ئەم دەزگایە زۆر گەورەیە، ئەستەمە بتوانرێت سەرچاوەیەکی وزەی وا بەهێز بە بچووکی دروستبکرێت، بەچەشنیك گونجاو بێت لەگەڵ دەسکی شمشێرەکەمان.



## پەنــد و وتە

دامی ئەدیس سیتوێل، نووسەر و ڕەخنەگری بەریتانی، لە ساڵی (١٨٨٧) لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٦٤) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی گەمژەیی دەڵێ: من ئارامم هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە گەمژەن، یان خۆیان بە گەمژە دەنوێنن، بەڵام ناتوانم بەرگەی ئەو کەسانە بگرم کە شانازی بە گەمژەیی خۆیانەوە دەکەن.

### ٣/٢١ - ٤/١٩ کاوڕ

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، لەم گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی ڕابردوو بەسەر ژیانتدا هاتوون، کەمێك باری سۆزداریتی شێواندووە، بەڵام بێ ئومێد مەبە لەم ماوەیەدا بەخت دەبێتە یاوەرت. کاتی چارەسەرکردنی کێشەکانە، هەوڵیان بۆ بدە.

### ٤/٢٠ - ٥/٢٠ گا

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، ئەوەی دیکەیت بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە، پێویستت بە پشوودانە و لەگەڵ کەسانی نزیکت زیاتر کاتەکانت بەسەربەرە. هاوڕێیەکی خۆشەویستت پێویستی بە بایەخدانی تۆ هەیە، تۆش کە بەکەسێکی وەفادار ناسراوی فەرامۆشی مەکە و هاوکاری بکە.

### ٥/٢١ - ٦/٢٠ جمک

خەریکی یارمەتیدانی کەسانی دیکەی، لە کاتێکدا خۆت پێویستت بە چارەسەری کێشەکانی خۆتە، مەڕووخێ و بەردەوام بە، تا بەو ئاواتەی خۆت دەگەیت، گشت مرۆڤێك لە ژیانیدا تووشی ناخۆشی و دارمان دەبێت، بۆیە نائومێد مەبەو خۆشت بە دەستەوە مەدەو لە هەوڵدانت بەردەوام بە.

### ٦/٢١ - ٧/٢٢ قرژاڵ

خەمێکی زۆرت لە دڵ هەڵگرتووە، ڕێگە مەدە کەسانێك یاری بە ژیانت بکەن، ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە داهاتووی ژیانت دابین بکەیت. کەسێکی دڵ گەورەی، بەڵام بزانە لە بواری ئەویندارییەوە گومان و دوودڵی بەرەو کارەساتت دەبات، کەمێك ژیرانەتر سەرنج لە دەوروبەرکەت بدە، ئینجا تێدەگەیت کە چەند کەمتەرخەمیت کردووە.

### ٧/٢٣ - ٨/٢٢ شێر

هەمیشە نیازت پاکە و ئەوەش وایکردووە کە زۆر کەس دەرفەت وەربگرن و کارە باشەکانت تێکبدەن، زۆر لەهەوڵی ئەوەدای کە هەر چۆنێك بێت ء بەهەر شێوەیەك بێت ڕاوبۆچوونەکانی خۆت بە سەر خۆشەویستەکەتدا بسەپێنی، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیەکانتان دەبێت.

### ٨/٢٣ - ٩/٢٢ گوڵەگەنم

ڕێگەی داهاتووت سەخت دەبێت و کارێك مەکە ببێتە هۆی پەشیمان بوونەوەت. ماوەیەکە کێشەت لەگەڵ کەسێك هەیە، هێمن بە و نەرم مامەڵە بکە، توانایەکی باشت هەیەو دەرفەتیش لەبارە بۆ ئەوەی بارودۆخی دارایيت بەرەو باشتر ببەیت، لەبواری سۆزدارییەوە کەسێك بەداوی ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروست بکات.

# گەورەترین کوارگ لە جیهاندا


هەمیشە کوارگمان بە بچووکی بینیوە، ئەوەندەی پرتەقاڵ و هەنارێکە، بەڵام ئەوەیان جیاوازە و دوو ئەوەندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبێت، ئەو جۆرە کوارگە لە ویلایەتی ئۆریگۆنی ئەمریکا دەڕوێت، بە شێوەیەك گەورە دەبێت کە مرۆڤ ناتوانێت بیڕنێت، چونکە هێندە گەورەیە تەنیا بۆ وێنەگرتن و یادگاری لێی نزیك دەبنەوە، ئەو جۆرە کوارگە ناوی (Armillaria ostoyae)یە، نزیکەی (٦٠٠) تەن دەبێت، یەکێکی دیکەش (٢٥) تەن دەبێت، ئەوەی سەیرە ڕەگەکانی جۆری یەکەم دەگاتە (٣٧٠) مەتر دووجا، ئەو جۆرە کوارگانەی کە بە کێش و قەبارە گەورەن بریتین لە: ostoyae و gallicaو solidipesو cepistipes، هەریەکە لەو جۆرە کوارگانە، لە شێوەی بچووکی خۆیانەوە گەورەتر دەبن، هەندێك جارێك دوو هێندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبن.





## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات کە خۆیان وا نیشان دەدەن، گوڵ پێشکەش دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا نیازێکی خراپیان هەیە و دەیانەوێت زیان بە کەسانی دەوروبەریان بگەیەنن.



## نوکتە

کچ و کوڕێك خۆشەویست دەبن، دوای ناکۆکییەك کورەکە واز لە کچەکە دەهێنێت و پاش ماوەیەك هەواڵی مردنی باوکی کچەکەی پێدەگات کە سەروەتێکی زۆری بۆ ماوەتەوە، کوڕەکەش دەیەوێ بۆی بگەڕێتەوە و هیچ قسەیەکی نابێت و بە کچەکە دەڵێ: من دووگیانم لە تۆ!

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە نێوان خۆت و کەسانی دەوروبەرت چەندین کێشە هەن، هەوڵبدە چارەسەریان بکەیت و لە داهاتووت مەترسە، لەبواری کاردا پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بکەیت، چونکە کەسانێك لەبۆسە بۆت دانیشتوون، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانت لەبواری کارەکەتدایە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی نزیکت هەمیشە یارمەتیت دەدات و لەگەڵ هەڵوێستەکانت هاوبەشە و کارێکی ناوازەت بۆ دەکات، پێویستە ئەوەت لەبەرچاو بێت و زیاتریش بایەخ بە باری ئابووریت بدەیت و بەبەرنامەیەکی ڕێکوپێك کارەکانت ڕێکبخەی، لایەنی سۆزداریشت ئەوەندە فەرامۆش مەکە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسێکی بڕوا بە هەموو کەسێك دەکەیت، هەستت گوزارشت لە خۆت و بیر و باوەڕەکانت دەکات، دڵت گەورە بێ و بزانە کەمێك پەستی ء نیگەرانی رووت تێدەکات و باری دەروونیت ئاڵۆز دەکات، بۆیە وا باشترە زیاتر تێکەڵی هاوڕێکانت بیت و قسەکردنیش لەگەڵ دۆستەکەت خەمەکانت سووك دەکەن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەمیشە کاردانەوەت بۆ کێشە و کارەکانت هەبێت، ئەوەی پێویستە لەسەرت جێبەجێی بکە و کارێك مەکە شیاوی ئازاردانت بێت، زیاتر بایەخ بە هەستەکانت بدە، لەبواری کاریشدا ئاگاداربە گرفتە خێزانییەکانت لە ئیش و کاردا ساردت نەکەنەوە، بیرکردنەوە ڕەشەکان لەخۆت دووربخەرەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، هەوڵی ژیانی خۆت بدە و ئەوەی چاوەڕێی دەکەیت، جێبەجێ دەبێت و بێزاریت دەڕەوێنێتەوە، کەمێك ویژدانت بەکاربێنە لەهەڵسوکەتت بەرامبەر دڵدارەکەت، لەدەرنجامی گفتوگۆکەیدا دەگەیت بە چەند ڕاستییەك کە پێشتر بە هەڵە تێگەیشتبووی.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کەسانێك هەن دەیانەوێت خۆیان بەسەرتدا زاڵ بکەن، هەردەم کارێك بکە کە جێگەی بەختەوەریت بێت، دڵت گەورە بێت، لەبواری ئیشء کاردا بەرەو پێش دەچیتء لە سەرکەوتن نزیك دەبیتەوە، هەروەها لەم ماوەیەدا پلەی کۆمەڵایەتیت دیارو گەشاوە دەبێت.